Research Center

# کڕیار و هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە بەندەری جەیهانەوە

04-04-2023

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** بەپێی داتاکان لە کانوونی دووەمی 2018ەوە تاوەکو شوباتی 2023، کۆی نەوتی هەناردەکراوی رۆژانە بۆ ئیسرائیل 2 ملیۆن و 935 هەزار بەرمیل بووە. لەکاتێکدا لەهەمان ماوەدا، کۆی نەوتی هەناردەکراوی هەرێمی کوردستان بۆ یۆنان 8 ملیۆن و 409 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە بووە

## بەرایی

هەولێر و بەغداد بەرەو ڕێککەوتنن بۆ هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان و کەرکووک لە بەندەری جەیهانەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان، بەڵام یەکێک لە پرسەکان کە هەندێک لە هێزە شیعەکان ئاماژەیان بۆ کرد و دەگوترێت لە دانوستاندنەکاندا باسکراوە، هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ ئیسرائیل بووە، کە بەپێی داتاکان لە کانوونی دووەمی 2018ەوە تاوەکو شوباتی 2023، کۆی نەوتی هەناردەکراوی ڕۆژانە بۆ ئیسرائیل 2 ملیۆن و 935 هەزار بەرمیل بووە. لەکاتێکدا لەهەمان ماوەدا، کۆی نەوتی هەناردەکراوی هەرێمی کوردستان بۆ یۆنان 8 ملیۆن و 409 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بووە.

بەم شێوەیەش لەو ماوەیەدا وڵاتانی ئەورووپا بەرێژەی 76% کڕیاری نەوتی هەرێمی کوردستان بوون، بەشێوەیەک بە پلەی یەکەم ئیتاڵیا بە رێژەی 34%، بەدوایدا بە پلەی دووەم یۆنان بەڕێژەی 20%دێت. لەکاتێکدا ئیسرائیل بەڕێژەی 12% و چینیش بەڕێژەی 7% بە پلەی سێیەم و چوارەم نەوتی هەرێمی کوردستانی کڕیوە.

ئەمەش سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە فرۆشتنی نەوت لە ڕێگەی کۆمپانیا گەورەکانی بازرگانیی بواری وزەی وەک ترەفیگۆرا، گرووپی ڤیتوڵ، گرووپی وزەی میرکوریا و پێتراکە دەکرێت، کە هەرێمی کوردستان یاخود عێراق نەوتیان پێدەفرۆشێت و ئەو کۆمپانیایانە ئەوە دیاری دەکەن کە دوایین وێستگەی نەوتی فرۆشراو چ وڵاتێک دەبێت.

لەلایەکی دیکەوە، هەرێمی کوردستان لە چارەکی چوارەمی 2013ەوە دەستی بەهەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی بەندەری جەیهانەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان کردووە، بەشێوەیەک کە بە 4 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە دەستپێکردووەو، لە شوباتی 2023دا گەیشتووەتە 456 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە.

ئێستا، بەپێی زانیارییە بڵاوکراوەکانی نێو ڕێککەوتنەکە، هەولێر ئیدارەی نەوتەکەی خۆی دەدات و کۆمپانیای سۆمۆ کارەکانی بە بازاڕکردن و هەناردەکردنی بۆ بازاڕە جیهانییەکان لە ئەستۆ دەگرێت. لێرەدا و بەپشتنەستن بە داتا فەرمییەکانی کپلەر و سامانە سرووشتییەکان و سۆمۆ لە یەکەم ڕۆژەوە هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان و کەرکووک لە بەندەری جەیهان بۆ بازاڕەکانی جیهان دەخەینەڕوو و فۆکەسی سەرەکیش لەسەر کڕیارانی نەوتی هەرێمی کوردستان لە کانوونی دووەمی 2018ەوە تاوەکو شوباتی 2023 دەبێت.

## هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان و کەرکووک لە بەندەری جەیهانەوە


بۆڕی عێراق ـ تورکیا، کە لەساڵی 1973ەوە دروستکراوە، لە ماوەی نێوان 2013 تائێستا نەوتی هەرێمی کوردستان گواستووەتەوە بۆ بازاڕەکانی جەیهان و، هاوشانی ئەوەش نەوتی کەرکووکی گواستووەتەوە.

هەرێمی کوردستان لە چارەکی چوارەمی 2013ەوە هەناردەی ڕۆژانەی بۆ بازاڕەکانی جیهان تەنیا 4 هەزار بەرمیل بووە، بەڵام پێش ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت لەمانگی شوباتی 2023دا 456 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە بووە.

لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، بەرزترین ڕێژەی هەناردەکردنی نەوت لە چارەکی چوارەمی 2015دا بووە، کە ڕۆژانە گەیشتووەتە 601 هەزار بەرمیل. بەپێچەوانەی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە، نەوتی کەرکووک لەسەرەتادا لە سەروو 300 هەزار بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانەوە هەناردە دەکرا، بەڵام لەچارەکی چوارەمی 2022دا کەمبووەتەوە بۆ 76 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، وەکو لە گرافیکی یەکەمدا هاتووە.

ئێستا، کە هەولێر و بەغدا لە دانوستاندنن بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنەوەی نەوت لە بەندەری جەیهانەوە، نزیکەی 10 ڕۆژە هەناردەکردن ڕاگیراوە، چاوەڕوان دەکرێت لەکاژێرەکانی داهاتوودا دووبارە ڕێکبکەونەوە لەسەر دەستکردنەوە بە هەناردەکردنەوەی 500 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بەشێوازێکی نوێ، کە سۆمۆ لە بازاڕەکاندا مامەڵەی دەکات!

گرافیک 1: هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان و نەوتی کەرکوک لە بەندەری جەیهان 2013 بۆ 2022





سەرچاوە: وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، داتای کراوە سۆمۆ، میس

## کڕیاری نەوتی هەرێمی کوردستان لە کانوونی دووەمی 2018ەوە بۆ شوباتی 2023

بەپێی داتا کۆکراوەکان، وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا لەنێویشیان دا هەریەکە لە ئیتاڵیا، یۆنان، کرواتیا، ئیسپانیا و ڕۆمانیا لە ڕێزبەندی سەرەوەی کڕیارانی نەوتی هەرێمی کوردستانن وەکو لە گرافیکی یەکەمدا هاتووە.گرافیک 2: ڕێزبەندی وڵاتانی کڕیاری نەوتی هەرێمی کوردستان لە کانوونی دووەمی 2018 بۆ شوباتی 2023.

گرافیک 2: ریزبەندی وڵاتانی کڕیاری نەوتی هەرێمی کوردستان لە کانوونی دووەمی 2018 بۆ شوباتی 2023.




سەرچاوە: پلەر، میس.

سەرچاوە: پلەر، میس


هەروەها، بەپێی داتاکانی کپلەر و میس لەبارەی ئەو وڵاتانەی مانگانە نەوتی هەرێمی کوردستانیان کڕیوە، لە شوباتی ئەمساڵدا ئیسرائیل بە پلەی یەکەم دێت بە 248.6 هەزار بەرمیل، ئیتاڵیا بە پلەی دووەم بە 125 هەزار بەرمیل، چین بە 73.2 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە بە پلەی سێیەم دێت. لەکاتێکدا لە کانوونی دووەمی 2023دا، کرواتیا بە کڕینی 171.2 هەزار بەرمیل بە پلەی یەکەم، ئیتاڵیا بە کڕینی 125 هەزار بە پلەی دووەم و ئیسرائیل بە پلەی سێیەم دێت بە کڕینی 64.4 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە.

لەلایەکی دیکەوە، بەتێکڕا لە 2022دا ئیتاڵیا بە 139 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە، یۆنان بە 94.9 هەزار بەرمیل و ئیسرائیل بە 68.4 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە، بە پلەی یەکەم، دووەم و سێیەم دێن.

هەروەها، لەساڵی 2021دا بەتێکڕا ئیتاڵیا بە 170 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە، یۆنان بە 90 هەزار بەرمیل نەوت، کرواتیا بە 57.6 هەزار بەرمیل نەوت و ئیسپانیا بە 41.9 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە، بە پلەکانی یەکەم تاوەکو چوارەم دێن.

لەبارەی تەواوی داتاکان بۆ ئەو وڵاتانەی نەوتی هەرێمی کوردستانیان لە مانگی یەکی 2018وە تاوەکو شوبات ئەمساڵ کڕیوە. بڕوانە گرافیکی خوارەوە. **نیشاندەری کڕیارانی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا**

سەرچاوە: پلەر،


ولاتانی دیکە
ئیمارات
تایوان
رۆمانیا
ئیسپانیا
کرواتیا
یۆنان
چین
ئیسرائیل
ئیتالیا
Values
ساڵ
مانگ
هەزار بەرمیل / ڕۆژانە
0
100
200
300
400
500
600
2018
2019
2020
2021
2022
2023

میس.

## کۆتایی

پابەندبوون بەم شێوازە نوێیەی بەڕێوەبردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دوو لێکەوتەی دەبێت، یەکەمیان لەڕووی ئابوورییەوە داهاتی کۆمپانیا نەوتییەکان و بگرە هەرێمی کوردستان زیاتر دەکات، بەهۆی نەمانی ئەو جیاوازییەی لە نرخی نەوتی هەرێمی کوردستان و نرخە جیهانییەکان هەبوو.

دووەمیان، لێکەوتە سیاسییەکەیەتی لەسەر هەرێمی کوردستان بە رادەستکردنی بە سۆمۆ بۆ بازاڕکردن و فرۆشتنی نەوت، ئەگەر بەڕێوەبردنی کۆی پرۆسەکانی دیکەی پەیوەست بە پیشەسازی نەوت نەبرێتەوە بەغدا، بەتایبەتیش گرێبەستی کێڵگە نەوتییەکان و تۆمارکردنی کۆمپانیا نەوتییەکان.

هەروەها، لەوانەشە هەناردەکردنەوەی نەوت لەرێگەی بەندەری جەیهان بۆ لەمەودوا گۆڕانکاری بەسەردا بێت بۆ نموونە بڕی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک زیاتر بکرێت و بڕی هەرێمی کوردستان کەمبکرێتەوە، ئەگەر بەغدا یاخود سۆمۆ کۆنترۆڵی پرۆسەی هەناردەکردن بەتەواوی بگرێتە دەست.

هەروەها، خاڵێکی دیکەش کە بەپێی زانیارییەکان لە رێککەوتنەکەوە گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین گرەنتی جێبەجێکردنی نێوەڕۆکی رێککەوتنەکەیە لە رۆژانی دوای رێککەوتن و داهاتوودا وەک ئەوەی هاتووە، چونکە گۆڕانکارییەکان خێرا روودەدات لە عێراق، لەسەروو هەموویانەوە ئەگەر سۆمۆ نەوتەکە هەناردە بکات و کڕیاری بۆ بدۆزێتەوە و نەوتەکە هەناردە بکات، چ گەرەنتییەک هەیە کە پارەکە بخاتە سەر ئەو هەژمارە بانکییەی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی بەسەردا هەیە؟ کە ئەم گەرەنتییەش یەکێک لە پرسە سەرەکییەکان و درێژەدان بە کۆبوونەوەکان بۆ گەشتنە رێککەوتن.

لەکۆتاییدا، قۆناخی دوای بڕیارەکەی دادگا ICC و رێککەوتنی هەولێر و بەغدا گۆڕانکاری لەو کۆمپانیا و بازرگانانە دەکات کە نەوتی هەرێمی کوردستانیان دەکڕی. ئەمە سەرەڕای گوڕانکاری لەرێزبەندی وڵاتانیش کە نەوتی هەرێمی کوردستان دەکری وەکو لە گرافیکی دووەمدا هاتووە، ئەویش بەهۆی ئەوەی چیدیکە نەوتی هەرێمی کوردستان بەو جیاوازییە زۆرەی نەوتی عێراق و برێنت نافرۆشرێت و کۆمپانیا بازرگانییەکانی کڕینی نەوت لە بەندەری جەیهان ناتوانن جیاوازییەکانی نێوان هەولێر و بەغداد لەسەر ئەم پرسە بقۆزنەوە، ئەگەر رێککەوتنەکان بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە! هەروەکو چۆن دەبێت ئەوەش لەبەرچاوبگرین کە مەنتیقی هێز و بالادەستی هێز حکومەدەکات، نەوەکو رێککەوتنەکان لە جیهان، بەتایبەتیش لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بە قۆناخی داڕشتنەوە و بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکاندا گوزەر دەکات.